# سێ کورتەنامە لە کەمال ڕەئووف محەمەدەوە بۆ م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی

**ئا: سەرنووسەر**

*** نامەی یەکەم**

١٩٨٥/١/١٠

مامۆستا تاییر حەوێزی بەنرخ

ماندوو نەبوونی لێ کردنتان جێگای چاک و چۆنیی گرتووەتەوە.. بە چاوی خوێندەوارێکەوە بەرگی دووەمی (مێژووی کۆیە)م(١) تەماشا کرد، دڵی نەخۆشمی شاد کرد وەک مەیدانە چۆڵەکەی حاجی قادری کۆیی تان ئاوەدان کرد.

هیوام زۆرە لە پاشەڕۆژدا کردەوەی قووڵ و بایەخدانتان بە تۆمار و چاپ بوونیان و وێنە و ژیاننامەی پیاوچاکانی کۆیە زۆرتر بێت.

بە هەلی دەزانم بڵێم؛ ستایش بۆ ئێوە ئەگەر مەرحەمەت بفەرموون کورتە ژیاننامە و وێنەییێکی(٢) مامۆستا عەبدوڵڵا عەزیزی (کۆنە مامۆستای قوتابخانەم) فریا بخەن، بەشکو ئەم پیاوچاکە بە نووسینمان یاد بکەمەوە. هیوادارم- ئەگەر ماین- ڕۆژێک دیدەنیشتان بکەم.

شاد و تەندروست و پێشکەوتوو بن و قەڵەمتان نەشکێ.

**دڵسۆزتان: کەمال ڕەئووف محەمەد سلێمانی، خانووی ئیسکان ژمارە(٧).**

*** نامەی دووەم**

سلێمانی ١٩٨٧/٢/٢٣

مامۆستای پایەدار و خۆشەویست تاییر ئەحمەد حەوێزی

بەدڵێکی گەرمەوە دەستتان دەگوشم و خۆشەویستیم و ڕێزم دەنوێنم.

هیوادارم تەندروست و لە خۆشیدا بن..

دەبوو جاروبارە نامەتان بۆ بنووسم، بەڵام ئەم بەهارە هاتمە کۆیە و موخابن ڕێک نەکەوت بتانبینم. من هێشتا سوپاستان دەکەم کە ئەوجارە لەسەر مامۆستا عەبدوڵڵا عەزیزی کۆچ کردوو، وێنە و باسیتان بۆ ناردبووم، کاتی خۆمی وەڵامم دانەوە. ئەوا ئێستاش هاتووم تکا لە هەستی دڵسۆزتان دەکەم بۆ ئەوەی (ئەگەر وێنەییێکی ڕۆژنامەنووس و ئەندازیاری کۆچ کردوو بەکر عومەر یەحیا- دلێر)تان لا دەست دەکەوێت بۆم بنێرن، یان هیممەت بفەرموون بەشکو خزمانی وێنەییێکم بۆ بنێرن. پار وێنەییێکم بۆ هات بەقەدەر **٢٥** فلسییێک دەبوو، نادیار بوو، گەورەش نەدەکرا.. تکا دەکەم ئەمجارە ئێوە هیممەت بفەرموون (وێنەییێکی دیار و بە قەبارەی پۆست کارد) بێت. دیارە لە کاتی بڵاوکردنەوەشدا ئیشارەت بە بەرێزتان دەدەم..

ئەگەر دەستتان نەکەوت، تکایە ناوونیشانی (منداڵەکانیم لە بەغدا، بە ژمارەی تەلەفۆنیانەوە، بۆ وەربگرن و من لێرەوە نامەیان بۆ دەنووسم، یان تەلەفۆنیان بۆ دەکەم).

ئیتر قوربان چاوەنۆڕی چاکەتانم و هەر ئێوەمانان دڵم ڕوون دەکەنەوە، دڵی دڵێکی نەخۆش و خانەنشین و گۆشەگیر.

هەر بمێنن بۆ دڵسۆزتان

**کەمال ڕەئووف محەمەد**
**خانووی ئێسکان - ژمارە (٧)**
**سلێمانی**







*** نامەی سێیەم**

خۆشەویست مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەویزی بەڕێز

ڕۆژتان باش

پڕ بە دڵ سوپاستان دەکەم بۆ نامەکەتان و ناردنی وێنەی بەکر دلێری کۆچ کردوو. ڕاستییەکەی ئەم هاریکارییەتان هەروەک جاری پێشوو وێنەی دڵسۆزیتانە بۆ ڕۆشنبیریی.

هیوادارم هەمیشە لەش ساغ بن و دووربن لە خەم و نوشستی. بە گەرمیی هەواڵی برادەر زاهیر(٣) و مەلا ئەنوەر(٤) دەپرسم و هیوادارم پێشکەوتوو بن.

تکام وایە ڕێزم بۆ مامۆستا عومەر جەلال حەویزی(٥) بگێڕنەوە کە پار لە دیدەنی کۆیەدا هەواڵم لە ئەو پرسین.

هەر بژین بەخۆشی بۆ دۆستتان

**کەمال ڕەئووف محەمەد**

**سلێمانی: ١٩٨٧/٤/٤**

**تێبینی:**

مامۆستا؛ بەڕێزتان ژمارەی تەلەفۆنی کوڕی بەکر دلێرتان بۆ ناردووم، بەڵام بە داخەوە ناوونیشانتان بۆ وەرنەگرتبووم، ئەگەر کرا ناوونیشانیم بۆ بنێرن زۆر مەمنوون دەبم.

(١) مێژووی کۆیە، تایەر ئەحمەد حەویزی، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٤.

(٢) نووسینی ئەو وشەیە و هاوشێوەکانیم بە مەبەست وەک خۆی هێشتەوە.

(٣) برادەر زاهیر، مەبەستی لێی هونەرمەند زاهیر محەمەدە کە سەروکاری تیپی مۆسیقای باواجی دەکرد.

(٤) مەلا ئەنوەر، هونەرمەند و ئەندامی تیپی باواجی بوو، قانوونی دەژەنی.

(٥) عومەر جەلال حەویزی، ڕۆژنامەنووس بوو، لە بەغدا سەرنووسەری ڕۆژنامەی دەنگی کورد بووە.